# عێراقی نوێ و پارت و سیاسەتی کۆن

**کەمال ڕەئوف**

ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراق دەگوزەرێ و بەنرخی سیاسەت بەخەڵکەی دەفرۆشرێتەوە, جگە لەبێماکردنی سیاسەت و سوکایەتی کردن بە سەروەری خاك وبێ ئەرزشکردنی یاساو بەهیچ نەزانینی خەڵکەی , هیچ پێناسەیەکی تر هەڵناگرێ. بێماناترین و چروکترین ڕاگەیاندی ئێستا لەمەڕ سەروەری نیشتمان و خاك و گەل کە لە سەر زاری بەپرسەکانەوە ڕادەگەیەنرێ و بەسەرخەڵکدا وەك ڕەحمەت دەبارێ, ئەوەیە کە بەرپرسێکی حکومی یان پەرلەمانی باس لە ڕەتکردنەوەی دەستێوەردانی دەرەکی بکات, باس لەسەروەری سیاسەت و حکومەت و پەرلەمان و حیزبەکانی ناو حکومەت و دەرەوەی حکومەت بکات. ئاخر ئێستا کەسێکی بەناو عێراقی نییە لە دووری دەیان هەزاران کیلۆمەتریشەوە هەست بەوە نەکات کە ئێران لەڕێگەی حیزبە شیعیەکانەوە چۆن دەستی خستۆتە ناو کاروباری عێراقەوە, ڕۆژنامەنوسێك یان تەنانەت خوێنەرو گوێگرێکی ژیری هەواڵیش لەم دنیایە چنگ ناکەوێت کە ئاگای لە دەستێوەردانی ئەمریکا نەبێت لەوردو درشتی کاروباری سیاسی و ئابوری و سەربازی عێراق, چ عێراقیەك هەیە ئاگای لە دەستێوەردان و ڕاگەیاندنەکانی تورکیا نەبێت لەمەڕ کەرکوك؟ کێ هەیە ئاگای لەوەنەبێت کە سوریاو ئوردن و سعودیە و هەندێك لەوڵاتانی تری عەرەبی چی ناکەن بۆ گێرانەوەی دەسەڵات بۆ دەستی گروپ و حیزبە سونیەکان؟ چ ئازایدی خوازێکی ئەم دنیایە شك دەبەیت کە بە ڕاگەیاندنەکانی گروپی عەمرموسا وعەلی جاروش لەمەڕ پێداگرتن و سوربوونیان لەسەر بەعەرەب ناساندنی هەموو خاك و خەڵکی عێراق هێڵنجی نەیەت؟ تۆ کەهەموو ئەو دەستێوەردانە دەرەکیانە دەبینیت و حکومەت و حیزبە گەورەکانیش وەك شەکرو نەستەلە دەیخۆن, ئیتر ئەبێت باسکردن لە سەروەری عێراق و ڕەتکردنەوەی پرۆژەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ ناوچە بەناوی ئەوەی کە گوایە ئەوە پرۆژەیەکە سەروەریمان پێشیل دەکات, ئەبێ بە چ درۆیەکی زەق و بەچ هەڵوێستێکی بێماناو بەچ سیاسەتێکی سوك چروك بێتە بەرچاو؟ هەرچەندە ئێستا ڕەنگە زووبێت تا مرۆڤ بتوانێت هەموو لایەنەکانی ئەو پرۆژەیە ببینێتەوە و بزانێت بەچ ئاراستەیەکدا دەڕوات, یاخود زوو بێت بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئەمریکا بە چ مەبەستێك لەئێستادا پێشنیاری کردوە! بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرۆژەیە ئەو لایەنەی زیاتر بۆ ئاشکرا کردین کە ئێمەی کورد شەریکەکانمان کێن و ئێمە لەنێو چ جەنگەڵستانێکی سیاسیدا قەرارمان گرتوە, هەلاّیەك کەلەسەر ئەو پرۆژەیە هاتە ئاراوە ئەوەی نیشان داین و فرسەتی ئەوەی پێداین پرسیار لەخۆمان بکەین تابزانین بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆی و مافی چارەی خۆنوسین دەبێت ئێمە چەند شەوتی تر ببرین و چ ئامادەییەکمان هەبێت بۆ بڕینی ئەو بەر بەستانەی کەلەبەر دەماندایە, ئەوهەلاّیەی لەسەر پرۆژەیەك کە لایەنێکی کەمی مافی چارەی خۆنوسی لەخۆ گرتوە, ئەوەی نیشان داین کە سەرباری ئەو هەموو شکست و پوکاندنەوەو ئەزمانە کە لەسەر ئاستی ئیدارەو حکومەتە عەرەبیەکان هەیە, بە حکومەتی عێراقیشەوە, کەچی هێشتا لایەنی بەرانبەرمان لەچ خەونێکی پاوانخوازی و داگیرکاریدایە.

زیاتر لە نیوسەدەیە فەلەستینیەکان قوربانی دەستی دەستی و سیاسەتی شۆفینیستی ناسیونالیزمی عەرەبی و وەهمی دژایەتی کردنی جولەکەن, لە پشتیشەوە ئێستا حکومەتی عەرەبی نییە کە بەئاشکراو نهێنی پەیوەندی دبلوماسی و ئابوری لەگەڵ ئیسرائیل نەبێ, ئێستا حکومەتێکی عەرەبی نیە بە گروپەکەی عەمر موساشەوە پەیوەنی لەگەڵ ئیسرائیل ڕەت بکاتەوە, بەدرێژای چەند ساڵی ئاوارە بوونی خەڵکی فەلەستینی حکومەتە عەرەبیەکان هێندەی سوپای ئیسرائیل فەلەستینیان کوشتوەو ئازارداوە, بۆیە ئەگەر خەڵکی فەلەستین بەلایەك قوربانی دەستی ئیسرائیل بێ ئەوا بەلایەکەی تردا قوربانی دەستی دەسەلاّتە عەرەبیەکان و گیانی ناسیونالیستی عەرەبین, ئەوەی کە لەم کێبەر کێیەی عەرەب و جولەکەدا بۆ فەلەستینیەکان مایەوە سەر لێشێواوی ماڵوێرانی بوو, ئێستا پاش شکستی هەموو پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵانی ڕابردوو هیچ کەس و لایەنێك پرۆژەیەکی جدی نییە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە, دەوڵەتە عەرەبیەکان هێزە فەلەستینیەکان لەهەوڵی ئەوەدان کە لەئێستادا لایەنێکی دەرەکی بەتایبەتی ئەمریکا بێت و پرۆژەیەکیان بخاتە بەردەم, ئەم لایەنە لای ئەوان لە دەستێوەردان ناون ئەنرێت خەبات و تێکۆشان بۆ سەندنەوەی مافی خۆیان, کە چی هەمان داواکاران بە پێچەوانەوە بەناوی پێشێلکاری سەروەریەوە دژایەتی پرۆژەکەی ئەمریکا دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوعێراق! پێدەچێت ناسیونالیزمی عەرەبی هیچ ئەزمونێکی لە رابردوی سیاسی خۆی وەر نەگرتبێ, دەنا دەبوو ئەوەندەی بەشوێن پاوانخوازی و زۆری بۆرییەوەیە دەبوو بەشوێن ئاوەدانکردنەوەو چاکردنەوەی ماڵی خۆیان بونایە, ئەوان هێندە بەشوێن گەورەییەوەن هێندە بەشوێن چۆنایەتیەوە نین, ئەوان چاوی خۆیان لەو ڕاستیە دەنوقێنن کە ئیسرائیل سەر باری بچوکی خاکەکی و کەمی دانیشتوانەکەی کە چی هێشتا لەهەموو حکومەتە عەرەبیەکانی لەڕووی ئابوری و سیاسی و سەربازیەوە بەهێزترە, سەرباری ئەوەی کە لەچاو دەسەلاّت و حکومەتە عەرەبیەکاندا نوێترەو لەسەرەتای بونیەوە تاکو ئێستا گرفتێکی زۆری لەگەڵ

فەلەستینیەکاندا هەیە, کە چی بەهەموو کەموکوڕیەکانیەوە لەولاتە عەرەبیەکان نموزجێکی جوانتری لە ڕووی دەسەلاتداریتیەوە نیشان داوە.

خەلکی عێراق ئێستا لە حکومەتێك بەهرەمەندن, کە نیوەی بەدەست مەلاسیاسیەکانەوەیەو نیوەکەی تری بەدەست تیرۆریستە ئیسلامیەکانەوە, ئەوان حکومەتێکی ئاوا بەناو مەرکەزیان لاباشترە, کە تەنانەت بەرپرسەکان و شوێنی کۆبونەوەکانیشیان سەربازە ئەمریکاییەکان دەی پارێزن, حکومەتێکیان لاباشترە کە بەهەزار حالّ فریای کۆکردنەوەی لاشەی کوژراوە مەندنیەکان و تەرمە فرێدراوەکانی سەر شەقامەکان دەکەوێت, ئەوان لەبەرانبەر دەستێوەردانی تیرۆریستەکان کارە تیرۆریستیەکانیاندا بێدەنگن و ئەوەیان لاباشترە لە هەر پرۆژەیەك کە ئاهێکی ئاسودەی و کرانەوەی تیابێت, بەکورتی ئەوان دەیانەوێت عێراقیش بکەنە فەلەستینێکی ترو خەلکەکەی تامردن لەسەر لێواری مردن و ئاوارە و برسێتی ڕاگرن و خۆشیان لەو لاوە بەناوی یەکپارچەی عێراقەوە نان و پیازی سیاسی پێوە بخۆن.